# سەرکەوتوو بێت نارەزایەتیەکانی رەحیماواو شۆرجە ،
# دژ بە بڕیاری گرانبونی نرخی بەنزین و سوتەمەنیەکان!

لەدرێژەی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی عێراق و کوردستان دژ بە بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و سوتەمەنیەکانی دیکە ، ئەمڕۆ جەماوەری ناڕازی شاری کەرکوک، لە گەرەکی کوردنشینی رەحیماوا، خۆپیشاندانێکی گەورەیان سازدا، لەدژی هەمان بڕیارو دژی گەندەڵی و شارەوانی شاری کەرکوک، کە هیچ خزمەتگوزارییەك پیش کەش ناکات بە خەڵکی ئەمشارەو دانیشتوانی گەرەکی رەحیماوا. خەڵکی ئەم گەرەکە ماوەیەکی زۆرە دەناڵێنن بە دەست، ئاوو بۆگەناوێکی زۆر گەورەو قەتیس ماوی سەر شەقامی سەرەکی ڕیگای هەولیر، کە گەڕاوەتەوە نیو کۆڵان ومالەکان و بەمەش خەڵکی گەرەك و ڕیبوارانی ئەو ناوەی هەراسان کردوەو شارەوانیش لەولاوە جولەی بۆناکات، لەگەڵ ئەوەی چەند جار بەلێنی چاککردنەوەی داوە. خۆپیشاندانەکە بۆ ماوەی زیاتر لە 3 سەعات درێژەی هەبوو کە خۆپیشاندەران لەلایەن هیزە داگیرگەرەکانی ئەمەریکا و پۆلیسەوە درانە بەر دەست ڕیژی گوللەو لە ئەنجامدا وبەپێی دواین هەواڵ و تا نوسینی ئەم بەیانە 4 کەس کوژراون و 9ی دیکەش برینداربوون و خۆپیشاندەرانیش پەلاماری بەنزینخانەی تەپەو فەرمانگەی دابەشکردنی بەرهەمەکانی نەوتیان سوتاند، لەگەل ژمارەیەك لە ئۆتۆمۆبیلەکانی نیو فەرمانگەکەدا.

ئەم هێزانەی کە ئەمڕۆ کە لەسایەی داگیرکاری ئەمەریکادا دەسەڵاتیان پێدراوە لە بەغداو لەشارەکانیش شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگانیان بۆ بردنی سەرەوت و سامانی کۆمەلگا پێکهێناوە، ئەگەر بۆیان بلوێت و بۆیان بۆبکرێت ئەوە پاروە نانی دەمی مندالانی ئاوارەکانی کەرکوکیش دەفڕێنن و دەیخەنە سەر پارەو سەرمایەی کەڵەکەبووی خۆیان، ئەگەر بۆیان بکرێت، ئەوا لەشارێکی وەك کەرکوکدا کە لەسەر دەریایەکی گەورەی نەوتە، ئەوا نەوت بە دلۆپ دلۆپ و بەنرخی ئالتون دەدەنە خاوەنانی سەرەکی نەوتەکە. ئەگەر بۆیان بکرێت ئەوا، شارەکانی عێراق دەکەنە تاریکستان و لەرێگای کۆمپانیاکانی خۆیانەوە دینەمۆ دەهێنن و گرانفرۆشی دەکەن. ئەگەر بۆیان بکرێت ئەوا سەروەت و سامانی عێراق لە ڕێگای عقودی بازرگانی تەزویرەوە پاك ماڵ دەکەن بۆخۆیان. ئەگەر بۆیان بکرێت، ئەوا یەك مافی سیاسی و مەدەنی و فەردی ناسەلمێنن بۆ خەڵکی کوردستان و عێراق. ئەوان دوێنی پێش هەڵبژاردنە گالتەجارییەکە وەعدەو بەلێنیکی زۆریان هەلڕشت، کە ئەگەر بچن و دەنگ بدەن، ئەوا خەڵك ژیانی باشتر دەبێت، ئەوا خزمەتگوزاری چاکتر دەبێت، بەلام بەپێچەوانەوە، هەروەك ئێمە بانگەوزای خەلکی کوردستان وعیراقمان کرد کە فریو نەخۆن، فریویان دان و پەنجەیان پێ مۆر کردن بۆ ئەوەی، سەرکوتیان بکەن. ئەم هەڵبژاردنە گالتەجارییە، بۆ پتەو کردنی دەسەلاتی نەگریسی ئیسلامی سیاسی و تائیفە چیتی و قەومپەرستی بوو، بۆ بەرزکردنەوەی نرخی بەنزین و سوتەمەنی بوو، بۆ گرانبونی سەزەو میوەو گۆشت و پیداویستەیەکانی دیکەی ژیان بوو، بۆ سەرکوتی مافە سیاسی ومەدەنیەکانی خەلك بوو، بۆ سەرکوتی مافەکانی ژنان بوو. پەنجەیان پێمۆر کردن بۆ ئەوەی بەناوی خەلکەوە ئەم کارە کۆنەپەرست و دژی ئینسانیانە بکەن. ئەوان کە ناتوانن ئەم کارانە بکەن، ئەوە لە ترسی نارەزایەتی و خەباتی یەکگرتوانەی خەڵکە.

**جەماوەری خۆارگرو ناڕازی شاری کەرکوك!**

ناڕازیانی شۆرجەو رەحیماوا... ئیوە ئەمڕۆ نیشانتان دایەوە کە لەپێناو خواستەکانی خۆتاندا لەپێناو دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و وەستانەوە بەرانبەر بەگرانبونی بەنزین و خواستی بونی کارەبای بەردەوام، خەباتی خۆتان درێژە پێدەدەن. خەباتی ئیوە پێویستی بەرێخراو بون و یەکگرتوو بون، هەیە،ەپیویستی بەکۆبونەوە هەیە لەدەوری یەکترو لەدەوری ڕابەرانی خۆپیشاندان و بزوتنەوەکەتان، بەبێ ریخراو بون و یەکگرتوو بون، بزوتنەوەی نارەزایەتی ئیوە ناتوانیت

خواستەکانی خۆی بەسەر حکومەتی تائیفیو قەومپەرستی تالەبانی- جەعفەریدا فەرز بکات. وەرن لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق رێخراو یەکگرتوو بن، ئەم حزبە بکەنە حزبی خۆتانو لە ریگا کۆمیتەو ریکخراوەکانیەوە خەباتی خۆتان بەردەوام یەکگرتوو ترو بەهیزتر بکەن، تا بەدیهێنانی هیواو خواستو ئامانجەکانتان.

**ڕێخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/1/1